# کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم



گوندی قەراسنج        وێنە: کەریم شێخانی

## سەربردەی درۆزن و راستگۆ



محەمەد کەریم نانەوا

مانگی رەمەزان مانگی خێرو بەرەکەت و بە رۆژوبوون و شەونوێژی و خودا پەرستییە. سەبارەت بە کۆمەڵگای موسڵمانان. لە مانگی رەمەزان چێشتخانەو چایخانە زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەون لە شارەکان. بۆیە رێبوارو غەیرە دین لە وڵاتانی موسڵمانەتی، گەرۆک و میوانەکان بەتایبەتی دووچاری کێشەو گیروگرفت دەبن بۆ خواردن و خواردنەوە، لەمبارەیەوە دەگێرنەوە دەڵێن:

ساڵێک لە ساڵان لە مانگی رەمەزان دوو مرۆی (دیان) بەناوی (مەرقۆس و جۆرج) بە رێبواری رێیان بە گوندێک لەم گوندانەی کوردەواری دەکەوێ لە دەشتی هەولێرێ.

ئەم دوو مرۆیە زۆریان برسی دەبێ، برسێتی کاریان لێدەکات برستیان لێدەبڕی.

مەرقۆس دەڵێ: جۆرج با لادەین بچین لەم گوندە نانی بخۆین، جۆرج دەڵێ: رەمەزانە خەڵکی موسڵمان گچکەو گەورەیان بە رۆژوون، شەرمە بچین داوای نان بکەین بۆ ئێمەی دیان بەتایبەتی.

مەرقۆس دەڵێ: ئاسانە، ناوی خۆمان دەگۆڕین. ئەمن دەڵێم ناوم ئەحمەدە، ئەتوش ناوێک لە خۆت بنێ، قەیدی چییە؟

مەرقۆس دەڵێ: ئەمن ناوی خۆم ناگۆڕم.

ئیدی دەگەنە گوندی، دەچن لە دەرگای ماڵی مەلای گوندی دەدەن لە تەنیشت مزگەوت.

مەلا، دەرگایان لێدەکاتەوە، دوای سڵاو و ماندونەبوون کردن و بەخێرهێنان، دەڵێن: رێبوارین برسیمانە، ئەگەر میوان رابگرن.

مەلا پرسیار لە مەرقۆس دەکات دەڵێ: ناوت چییە؟!

مەرقۆس دەڵێ: ناوم مەرقۆسە.

مەلا بانگی مەلا ژن دەکات: پێی دەڵێ:

مەلاژن، میوانەکی خۆشەویستمان هاتووە، غەیرە دینە. برسییەتی، نانی بۆ ئامادە بکە.

پاشان پرسیار لە جۆرج دەکات، پێی دەڵێ:

ئەدی بەخێر ئەتو ناوت چییە؟!

جۆرج دەڵێ: ئەمن ناوم ئەحمەدە.

مەلا پێی دەڵێ: مادام ناوت ئەحمەدە، بێگومان بە رۆژووی، فەرموو برۆ بۆ مزگەوت، سێ چوار رکات نوێژی سوونەت بکەو پشوو بدە، هەتاکو هاورێ دیانەکەت نانی دەخوات، رۆژیش وا لە کەلی کەوتووە. هەتا ئێوە دەگەنە مەنزل مەلای مەغریب بانگ دەدات، خودا ئەجرو پاداشتت بەخێر بداتەوە.

بۆیە لە کوردەواریدا دەڵێن:

«راست برۆ، برۆ رێی شێر»

# لە تەک.. فۆلکلۆر پەروەراندا



م. پیرداود مەخموری ناوێکی دیار و ناسراوی دونیای ئەدەب و رەسەنایەتیە، خزمەتێکی زۆر و بێوچانی کردووە، شارەزاییەکی باشی لە فۆلکلۆری نەتەوەکەمان هەیە، بۆ ئەمجارەی (لەتەک فۆلکلۆرپەروەران) دا لەتەک ئەم بەرێزە دابووین و بەمشێوەیە پرسیارمان ئاراستەکرد:

**هۆشیار نوری لەک**

*** لەزاری خۆتەوە، خۆت بەکورتی بناسێنە؟**

– لەساڵی ١٩٥١ لە شارۆچکەی مەخمور چاوم بۆ ژیان هەڵێناوە، خێزاندارم و سێ کچ و سێ کوڕم هەیە، لە ساڵی (١٩٧٦) ەوە مامۆستامە.

*** یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەت چی بوو؟**

– یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەم لەساڵی ١٩٧٣ لەهەفتەنامەی بیری نوێ بوو، بەناوی شیعرێک بۆ (هاوڕێم)، لەساڵی ١٩٧٩ خولیای راگەیاندن بووم، یەکەم نووسینم بابەتێکی فۆلکلۆری بوو بەناوی (دابوو دەستووری کوردەواری)

*** چۆن ئاوێزانی دونیای رەسەنایەتی بووی، هاندەرت کێ بوو، چۆن پێناسەی ئەم بوارە دەکەی؟**

– لەساڵی ١٩٧٦ چوومە خزمەت مام هێمنی شاعیری بەرزی میللەتەکەم، لەوێندەر ئامۆژگاری دامێ سەبارەت بە کەلەپوور و فۆلکلۆر کۆکردنەوە، منیش لەسەر راسپاردەی ئەو زاتە رووم لەبواری فۆلکلۆر کرد، هەرچەندە دەستمکرد بەکەلەپوور کۆکردنەوە، پاشان هەستمکرد ئەو کەلەپوورە پێویستی بەنووسین و لێکدانەوە هەیە، بەمەبەستی گەیشتن بەبنج و بناوانی رەسەنایەتی باپیران، دەستمکرد بە وتار و لێکۆڵینەوە نووسین. سەبارەت بە پێناسەکردنی کلتووری نەتەوەکەم، ئێمە خاوەن کەلەپوورێکی زۆر رەسەنین، بەڵام هێشتا باشمان خزمەت نەکردووە و باوەڕیش ناکەم بتوانین خزمەتێکی چاکی بکەین، چونکە ئێمە کەلتوورمان ماوەیەتی بگاتە ئاست کەلتووری میللەتانی دیکە، حەزدەکەم خەڵک بزانن کەلتوور و کەلەپوور دوو شتی زۆر لێکدی جیاوازن، بۆیە بەمجۆرە پێناسەی کەلتوور دەکەم و دەڵێم هێشتا کەلتوورمان لە قولە پێی کەلتووری جیهانە.

*** پێت باشە چی بکرێ تا گەنجینەی نەتەوایەتیمان زیندووتر بێ؟**

– بۆ ئەوەی کەلەپووری میللەتەکەمان هەردەم زیندوو و گەشاوە و بەشەوق بێت و لەمردن رزگاری بێت، دەبێ:

هەرچی زووە سامانی نەتەوایەتیمان کۆ بکەینەوە و بیدەینە دەست خەڵکانی بەئەمەک و لێزان بۆ ئەوەی چی پێویستە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بۆی بکرێ. داب و دەستووری ژیان هەر لەو رۆژەوەی کە مرۆڤی کورد دەبێ هەتاکو دەمرێ، وێنە بگیرێ و لەسەری بنووسرێ. هەموو کەرەستە و پێداویستی ناومالّی کۆنی کوردەواری دووبارە دروست بکرێنەوە و بەزانستیانە دابڕێژرێنەوە. هەرچی هونەر و ئەدەب و رۆشنبیری و پەند و مەتەڵ و ئەفسانە و هەقایەت و بەیت و داستان هەیە کۆبکرێتەوە و لەکتێبی جیاجیا لەچاپبدرێنەوە، کۆکردنەوە و لە چاپدانەوەی ئەو کتێبە کۆنانەی کە چەند ساڵێکە لە چاپدراون و ئێستا لە کتێبخانەی کوردی دەست ناکەون.

*** راگەیاندن بەگشتی تا چەند خزمەتی رەسەنایەتی کردووە؟**

– راگەیاندنی کوردی زۆر لە مێژ نییە لەو بوارەدا کار دەکات، ئەوەی کە کراوەش هەوڵی تاکەکەسی بووە، هیچ دەزگا و کەرتێکی میری یان رێکخراوێک کاری جیدی بۆ نەکردووە، تاکە هەوڵێک لە ساڵانی شەستەکان درا کە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان پێی هەڵستا، تاکە گۆڤارێکی لێ دەرچوو، پاشان بەدواداچوونی بۆ نەکرا، دوای راپەڕین هەندێ هەوڵ خرانەگەڕ، بەڵام ئەویش بێ ئاکام بوون، تاکو دوای ساڵی (٢٠٠٤) یەکەمین گۆڤاری فۆلکلۆری بەرەسمی لە دایک بوو کە ناوی گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆرییەو سەر بەوەزارەتی رۆشنبیرییە، هەرچەندە ئەو گۆڤارەش هەموو خواستی خەڵک نییە، چونکە فۆلکلۆر و رەسەنایەتی کوردیمان زۆر لەوە پتر هەڵدەگرێ.

*** بەرهەمە چاپکراوەکانت چین؟**

– بەرهەمی چاپکراوم ئەم کتێبانە لەخۆ دەگرێ.

– ناسینی فۆلکلۆر، لێکۆڵینەوە ساڵی ١٩٨٦.

– لاس و خەزاڵ، بەیتی فۆلکلۆری (دەق و لێکۆڵینەوە) ساڵی ٢٠٠٢.

– پیرە هەولێر، لێکۆڵینەوە، ساڵی ٢٠٠٤.

– سۆرێ چاوشین، دەقی هەقایەت و ئەفسانە ٢٠٠٩.

– دوو بێوەژن، وەرگێڕان، کۆمەڵە چیرۆکی عەزیز نەسین ٢٠٠٥.

– ئەوها هاتیمە دنیایێ، وەرگێڕان، ژیانی عەزیز نەسین ٢٠٠٨. ئەم دوو کتێبەش ئامادەن بۆ چاپ.

– شینەدرۆ هەقایەت و ئەفسانە.

– کۆڕ و مەجلیسی حەیرانبێژ.

*** دەقی حەیرانت زۆرە، چ حەیرانبێژێک دەیکاتە حەیران و دەیچڕێ؟**

– چەندین دەقی حەیرانم هەیە بەخۆم نووسیومن لەچەندین رۆژنامەو گۆڤار بڵاوم کردۆتەوە و زۆربەشیان لەلایەن حەیرانبێژ سلێمان قەرەچووغی کراون بە حەیران، هەروەها چەند دەقێکی لاوک و حەیرانم هەیە و لەلایەن (هاوتا ئەسعەد، دلاوەری قادر، ئەحمەد زەمانە) کراون بەلاوک و تۆمارکراون.

*** هەندێ کەس دەڵێن باوی فۆلکلۆر و رەسەنایەتی نەماوە، تۆ دەڵێی چی؟**

– من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، فۆلکلۆر هیچ کاتێک باوی نامرێ، ئەو کەسانەی ئەو قسانە دەکەن، گیز لەباری خۆیان دەژمێرن، ئەسڵەن هەگبەی خۆیان بەتاڵە وهیچی تێدا نییە، ئەدی ئەگەر فۆلکلۆرت نەبێ لەسەر چ بنەمایەک دیوار دروست دەکەی.

*** ئەو کەسانەی لەبواری کەلەپوور کار دەکەن لەپەنجەی دەست رەتناکەن، کەچی زوو دەناسرێن، بۆچی؟**

– لەهەموو ئان و سەردەمانێک هەروەها بووە، لەسەردەمی نالی پتر لە (٢٠٠٠) شاعیر نووسینیان هەیە بەڵام ئەوەی سەرکەوتوو بووە و داهێنانی کردووە لەپەنجەی دەستێک تێپەڕ ناکەن، بەدەیان حەیرانبێژ و لاوکزانی چاکمان هەبووە کەچی چەندێکیان سەرکەوتوو بوون، کارکردن لەبواری فۆلکلۆری بەپێی بەرنامە و لێزانین دەبێ، بۆیە هەموو کەس ناوێرێ و توانای کارکردنی نییە لەو مەیدانەدا.

*** مشت ومڕێکی زۆر لەسەر سەرهەڵدانی شوێنی حەیران هەیە، تۆچی دەڵێی؟**

– ئەو هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ بەچەند دێڕێک تەواو نابێ من تەنیا ئەوەندە دەڵێم (ئەگەر حەیران لە منداڵدانی هەولێر لەدایک نەبووبێ ئەدی لەکوێ لەدایکبووە؟ پاشان من بەهیچ جۆرێک نایەمە بن ئەو بارەی بڵێم جگە لە هەولێر لە جێگەیەکی دیکە حەیران لەدایکبووە.

*** خۆت بە قەرزاری کێ دەزانی؟**

– خۆم بەقەرزاری هەموو میللەتی خۆم دەزانم چونکە ئەگەر هونەر و قسە و رابردووی ئەوان نەبووایە من چیم دەکرد، هەروەها خۆم بە قەرزاری شاعیری گەورەی کورد هێمنی مەهابادی دەزانم، قەرزاری دایکی خوالێخۆشبووم بە هەزاران پەند و دەستەواژەی کوردی لێوە فێربووم، لەهەر بوارێک لەبوارەکانی فۆلکلۆری کەسانی لەخۆبوورد و هەن بەتایبەتی ئێستا گەنجێکی زۆر فۆلکلۆر بووە بە خولیایان، داوای سەرکەوتن و تەمەنی درێژیان بۆ دەخوازم.

*** دوا قسەت چییە؟**

– هیوای سەرکەوتن بۆ هەر پرۆژەیەک دەخوازم کە لەبواری رەسەنایەتی کاربکات، بەتایبەتی ئێوەی بەڕێز.

# حیکایەتی کوردەواری



سەفەر کەریم هاواری

## ١- باڵوولی داناو چەند بەسەرهاتێک

باڵوول لە ناوەڕاستی سەدەی دووهەمی کۆچی لە لوڕستان لە دایکبووە، لە دەوروبەری (تەنگە گۆڵ) کۆچی دوایی کردووەو لەوێ نێژراوە، تەنگە گۆڵ ناوی کێوێکە لە دێی (چەشمەسفید) بە دووری شازدە کیلۆمەتر لە ئیسلام ئاوادا.

باڵوول یەکەمین کەس بووە کە ڕێبازی کاکەیی لە هەوراماندا بڵاوکردۆتەوە، پاشان لەگەڵ هەندێ لە یارانی لوڕیستان چووتە بەغداو لە خزمەتی (ئیمام جەعفەری سادق ١١٩-١٨٥)دا ماوەیەک ماوەتەوە و پاشان چووەتەوە کرماشان.

بەسەرهاتەکان:

١- جارێکیان خەلیفەی عەباسی هارونەرەشید کۆڕو مەجلیسی گەرم دەبێت و تەواوی پیاوەکانی لەدەوری کۆبوونەتەوە، بەزەردەخەنەیەکەوە، دەڵێت: ئێستا گاڵتەیەک بە باڵوول دەکەم، دەڵێت: هاشێخ باڵوول هەتا ئێستا لەدونیادا لە خۆت گەمژەترت بینیوە؟

باڵوول یەکسەر وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: نابەخوا! بەڵام ئاماژە دەکات بۆ خەلیفە و دەڵێت:

ئەمە یەکەم جارە لە خۆم گەمژەتر ببینم.

٢- جارێکیان لەناو بازاڕدا کابرایەکی دەوڵەمەند لەبازاڕدا دەیەوێت گاڵتە بەباڵوول بکات و پێی دەڵێت: ئەی باڵوولە شێت پێم بڵێ، چ شتێک هەیە لەبەینی من و تۆدا لەیەک بچێت؟

- بەهلوول لەوەڵامدا دەڵێت: ئێمە زۆرشتمان لێک جیاوازە تەنها دووشتمان نەبێت کەلەیەک دەچن، یەکەمیان گیرفانی من و کەللەی تۆ کە بەڕاستی هەردووکیان خاڵین. دووەمیان: گیرفانی تۆو کەللەی من کە هەردووکیان پڕن.

٣- ڕۆژێکیان باڵوول بەشەقامێکدا تێ پەڕدەبوو، چاوی بەکابرایەک کەوت کە لەلایەن چەند کاربەدەستێکی حکومییەوە گیرابوو، بە هەموویانەوە لێیان دەدا و بەرەو دادگایان دەبرد، باڵوول لێی پرسین:

- مەسەلە چییە؟ ئەو پیاوە بەد بەختەچی کردووە؟

وتیان:

- یاشێخ ئەم پیاوە دزە، ئەوە دەیبەین دەستی دەبڕین. باڵوول بەسەر سوڕمانەوە وتی: سوبحانەڵڵا: (دزی ڕۆژ دەستی دزی شەو دەبڕێت!).

٤- ڕۆژێکیان باڵوول لەناوەڕاستی کۆمەڵێک خەڵک دا هاواری دەکرد و دەیگوت: هاروونە رەشید خەلیفەیەکی دادپەروەر و بە ئینسافە. هەموو خەڵکەکە سەریان سوڕما هەرگیز باڵوول لەوەو پێش قسەی وای نەکردووە.

بۆیە لێیان پرسی:

- شێخ باڵوول بەچ بەڵگەیەک دەڵێیت خەلیفەداد پەروەرە؟

باڵوول وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێت: دوێنێ شەو لەخزمەتی خەلیفە دابووم، خودی خۆی ئەم قسەیەی بەمن گوت!

٥- پیاوێکی هەژار دەردی دڵی خۆی بۆ باڵوول هەڵدەڕشت و گوتی: دەزانی یاشێخ هیچ کارێک لەم دونیایەدا بەبێ پارە ئەنجام نادرێت.

باڵوول وتی: نا بەهەڵەداچویت، زۆرکار هەیە بەبێ پارە ئەنجام دەدرێت، پیاوە هەژارەکە وتی: وەکو چی؟ باڵوول وەڵامی دایەوە گوتی:

- وەکو قەرزکردن، خواردن و خەوتن!

سەرچاوەکان:


١- لطفیە هاوحکایات شیرین بهلول عاقل/ عەبدوڵڵا نیاز مندل ١٣٧٠

٢- مێژووی وێژەی کورد نووسراوی (١)/ صدیق بۆرەکەی (صفی زاد) ٤٨٣.


## ٢- چ گورگ بیخوا چ سوار ببیا



هەڵۆیست ڕۆژبەیانی

شیکردنەوەی پەندێک:

دەگێڕنەوەو دەڵێن جارێک شوانێک مێگەلە مەڕێکی لەلا دەبێ و دەیان لەوەڕێنێ، لە ناکاو گورگێکی لێ پێدا دەبێ، گورگەکە پڕ دەداتە چیسکێک دیگرێ و دەیبا، شوانەکەش دەست بە هاوار هاوار دەکاو دەڵێ: بمگەنێ هاوار بمگەنێ، لە ناکاو سوارێکی لێ پەیدادەبێ و دەڵێ: ها کاکەی شوان چیت بەسەر هاتووە؟ شوانەکەش دەڵێ: ها ئەم گورگە جیسکێکی لێ بردووم، سوارەکەش دەکەوێتە دوای گورگەکەو چەند فیشەکێکی تێدەگرێ، کە گورگەکە سوارەکە دەبینێ و گوێی لە تەقەی فیشەکەکان دەبێ لە ترسان چیسکەکە بەردەداو هەڵدێ هەر هێندەی پێدەکرێ خۆی لەژێر دەستی سوارەکە رزگار دەکات، ئینجا سوارەکە لەسەر ئەسپەکەی دێتە خوارەوەو چیسکەکە دەگرێ و سواری ئەسپەکەی دەبێتەوە شوانەکەش بەغارەغار دێتە لای و دەڵێ: جیسکەکەم بدەوە سوارەکەش دەڵێ: من ئەم جیسکەم بۆ خۆم لەم گورگە ساندۆتەوە تازە بۆتە هی من نایدەمەوە بە تۆ، هەر چەندەی شوانەکە تکای لێدەکاو دەڵێ: من خاوەنیمەو بمدەوە، بەڵام سوارەکە هەر دەڵێ: من بۆ خۆم لەم گورگەم ساندۆتەوە، هەرچەندەی شوانەکە تکای لێدەکا سوارەکە نایداتەوەو بۆ خۆی دەیبا شوانەکەش دەڵێ: تازە لە قیس من هەر ڕۆیشت فەرقی چ بوو؟ چ گورگ بیخواردبایە چ سوار بردبوایە.

# کەرامات



د. ئازاد مەنتک

کوردەواری سەربردەی ئەوەندە زۆرە لە ژماردن نایەت هەندە لەمێژنییە، ئەگەر هەمووش ئەوەمان لەبیرنەبێت کەت کەت هەرماون لەبیریانە،کە لە گوندان خۆشترین و سایەوەترین ماڵ ماریێ مەلای بوو، ژنەک رۆژەکی سەر بەماریێ مەلایەکی دادەگری دەبینی: یەک ئاویان لۆگەرم دەکات، یەک بروبزگوریان لۆ دەشوات، یەک لە خزمەتی مەلاژنێ دایە، ژنەکە ناوی (گوریێ) بوو لە خۆشەویستیان پیاوەکەی بە (کلۆ) ناوزەدی کردبوو، کلۆ گەڕاوە ماریێ: پیاوەکە دەبی ببیە مەلا!

پیاوەکە: حورمێ، کوو دەبێ؟! ژنە نەیسەلماند، پیاوەکە چەفیەکی سپی لەسەرێ خۆی ئاراند و ماڵ و حاڵیان بەپشتێ کەرێ دێز هڵ داو برۆ!! حەیامەکی ڕۆیشتن گووندەک نەبوو دوونەبوو چەند گوندەکیان بری هەتا گەیشتنە گوندەکی دوور، خەڵک و خای گوندی بەپیر کابرای وەچوون، یاخوا! بەخێربێی مامۆستا، بەخوای دیارە ئەمە ئیمان دارین!!! خوا مەلای بەپێی خۆی لۆناردین! مزگەوتمان هەیە و مەلامان نییە، چاک رێککەت خەڵک کەوتنە خۆ، ماڵیان لۆ مەلای دانا، کابرا کەوتە خۆشی، ماوەیەکی نەبرد، ردێن سپی گوندی، گوتیان: مامۆستا دەبێت ئەمەش وەکی گوندان رۆژی جومعە نوێژی جەماعەت بکەین و وتارمان لۆ بدەیت؟! کابرا دەستەکی کەوتە پاش و یەکی کەوتە پێش، لێی قەوما مەلا نییەو هیچ نازانێت؟ مەلا رۆژی جومعەی چۆوە سەر مینبەری و ئەڵڵا قۆیسەن وتاری دەدات نەیکردە نامەردی غارەدە! خەڵکەکەش دەگەرەوی غاریان دا خۆیان لەوکاریتەیە دا کەلەبن ساپیتەی سەری مزگەوتەکە بوو، مزگەوتەکە رووخا!! خەڵک و خوا هەبوو لە گوندی، دەیانگووت: مەلا، کەراماتی هەیەو لەوەلیەکانە، دەنا کوو زانی مزگەوت دەڕووخێ؟! قسەکوەتە زارەکی دەکەوێتە شارەکی، قسەڕۆیشت مەلایەک لەفلانە گوندی کەراماتی هەیە! کاربەدەستان پێیان زانی، گۆتیان: ئەوە کلاوچییە!! باشە لەبەر ڕای گشتی ناتوانین بیگرین! بۆیە کۆمەڵە زانایەک گوتیان: ئێمە تاقی دەکەینەوە ئەو زانایانە یان نا، لەلای خۆیان وابوو: کابرا مەلایەو زانستی شەرعی دەزانێت، بۆیە گوتیان ئێمە لەسەر زانستی ئاینی تاقی ناکەینەوە لەسەر ژیان چەند پرسیارێکی لێدەکەین، هاتن قۆدیەکیان هێناو کلۆیەکیان خستە بن قۆدیەکە! گازی کابرایان کردو هات گۆتیان: وەرە ئەگەر ئەتوو کەراماتت هەیە بزانە بن ئەو قۆدیەی چی تێدایە؟! کابرا تووش هات کابرا بەهەردوو دەستی لەچۆکی خۆی داو گوتی: ئای کلۆ چیت لێکردم. دەستەکە واقیان ورما و قۆدیەکەیان لابردو گۆتیان: کاکە وەڵا کەراماتی هەیە! ئەوە کوو زانی بن ئەو قۆدیەی کلۆی تێدایە!!؟ جەهل و نەزانین لەشوێنێک هەبوو پیاوی وا پارووی دەکەوێتە روونێ..

# شەوی خەنەبەندان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

**شلێر کەمال بەرزنجی**

شەوی خەنەبەندان نەریتێکی کۆنی کۆمەڵگەی کوردەوارییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوەو لەم شەوەدا ناو لەپی دەستی هەریەک لە بووک و زاوا بە خەنە دەڕازێنرێتەوە، ئەمەش هێمایەکە بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ و مژدەی هاتنی خێرو خۆشی هاوسەرەکانە.

هەندێ بووک ئەنجامدانی ئەم پرۆسەی خەنەبەندانە دەکەنە مەرج لەسەر ماڵی زاوای، بەڵام بە پێچەوانەوە هەندێ زاوا دەیکەنە مەرج لەسەر ماڵی باوکی بووکێ.

بۆ نموونە: من لە ناوەڕاستی سالانی حەفتاکان لەگەڵ کوڕە کرمانجێکی رۆشنبیرو قۆزو دەشتەکی ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا، لەبەرئەوەی ئێمە شارستانی و دوور لە عورف و عادەتی عەشایری و دەشتەکی بووین بۆیە بیرمان لە خەنەبەندان نەدەکردەوە، تەنانەت هەندێ لە خزم و کەسانمان بە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە دڵگرانیش دەبوون، کەچی ماڵی زاوا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ دایکم پووختەو جوان پێیان گوت:

(بووک ناگوازرێتەوە تا شەوی خەنە بەندانی بۆ ساز نەکرێ) ئیتر ئێمەش بە دڵێکی فراوانەوە رەزامەندی خۆمان نیشانداو ژمارەیەک لە خوشکانی زاواو کچە دراوسێ و ئامۆزاو کچە خاڵەکانی بە هەلهەلە لێدان و گۆرانی (بووکانە بووکانە بووکێ) گەیشتنە ماڵی ئێمەو تێکەڵ بە کچان و خزم و کەسانی خانەوادەکەمان بوون وەک شتلەڕەیحانی ساواو لاولاو لە قەدو باڵای یەکتر ئاڵان و یەکپارچە ژووری بووک نوقمی بۆنی عەترو قەنەفل بوو.

خوشکانی زاوا سینیەکی گەورەیان هێنابوو کە پڕی سەری خەنەو چوکلێت و شیرینی و گەڵای داری پرتەقاڵ و هەرمێ و سێو بوو، ژمارەیەکیش مۆمی داگیرساویان لەناو سینیەکە دانابوو کە نیشانەی خێرو بەرەکەت و ئایندەو دوارۆژێکی رووناکە بۆ بووک و زاوا.



لە کاتێکدا خەریک بوون خەنەیان لە دەستەکانم دەگرت، کچێکی دیکە وێنەی مانگ و ئەستێرەو گوڵی لەسەر قوڵ و باسکم دروست دەکردو ئەوانی دیکەش لە دەوری سینیە خەنەکە شاییان دەکردو دەیانگوت:

شاییە زەماوەندە
خەنە بەندانە
رەشبەڵەک گیراوە
سێ چین لەو بانە

لە ماڵی خەزوریشم برادەرانی زاوا هەمان ئاهەنگی خەنەبەندانیان ئەنجام دابوو، قۆڵ و قاچی زاوایان بە خەنە رازاندبۆوەو خەنەو شیرینیان بەسەر خەڵکدا دابەش کردبوو.

هەرچەندە ئەو نەریتە رەسەن و کۆنە خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچێت، بەڵام خواشاهیدە خۆشترین بیرەوەری لە دڵ و دەروونی بووک و زاوا دروستدەکات، بۆیە داواکارم لەو کچانەی کە نسیبیان هەڵدەستێ و دەچنە رێی خۆیان، با داوا بکەن ئاهەنگی خەنە بەندانیان بۆ بکرێت، چونکە ئەو شەوە تەواوکەری خۆشی ئاهەنگی بووکگواستنەوەیە.

# گەشتێک بەنێو کوردەکانی عەممان لەشانشی ئوردن

هۆشیار محەمەد ئەمین کۆیی

بەشی هەشتەم



زۆرجار لە بازاڕەکان و لەنۆرینگە و نەخۆشخانەکانی عەممان ڕووبەڕووی چەند کوردێکی شارەکانی کوردستان دەبیەوە، کە زۆربەیان بۆ چارەسەری پزیشکی ڕوویان لەو شارەکردیەو هەریەکەو چیرۆکێکی تایبەتی لەمبارەیەوە هەیەو گلەیی و گازاندەیان لەبواری تەندروستی خۆمان هەیەو هەندێکیان لەکاتی گفتوگۆ لە گەڵیاندا پێیان ڕاگەیاندم کە نەخۆشیەکانیان لەکوردستان بەهەڵە دەستنیشان کرایەو لەعەممان چارەسەریان بۆکرایە..

وڵاتی ئوردنساڵانێکە بایەخێکی زۆر بەبواری تەندروستی دەداو هەنگاوی باشی ناوە، بۆیە نەخۆشی لەزۆر وڵاتان بەتایبەتی عێراق بەکوردستانەوەو یەمەن و سودان ڕووی تێدەکەن، ناویشیان لەو پڕۆژە ناوە (السیاحه العلاجیه) واتە گەشتوگوزاری چارەسەری و داهاتێکی باشیان بۆ خۆیان دابین کردیە. لێرە بەپێویستی دەزانم ئەو تێبینیە بنووسم: بودجەی ساڵانەی ئوردن لە بودجەی کوردستان کەمترە کەچی سیستەمی تەندروستیان پێشکەوتووەترەو هاووڵاتی خۆیان بیمەی تەندروستیان هەیەو هەموو چارەسەرێکیان لەنەخۆشخانە حکومی و ئەهلیەکان بەخۆڕاییە، خۆزگە لەکوردستانیش ئەو سیستەمە پێشکەوتووە هەباو چینی هەژارو فەرمانبەرو خانەنشینانی دەگرتەوەو خەڵکانی دیکەش ئەو پارە زۆرەیان لەدەرەوە خەرج نەدەکرد.

لە عەممان کۆمەڵە کوردێکی دیکەی لای خۆمان لەو شارەنیشتەجێن کەلەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لەڕێکخراوە مرۆییەکان کارمەند بووین و ئۆفیسەکانیان بۆ عەممان گواسترایتەوە، جگە لەو کەسانەی کە لەگەڵ ڕژێمی پێشوو هاوکاربووین و چارەنووسیان بەبەعسیەکان گرێداوەو وەک پەنابەر لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییەکان لەبواری پەروەردەو تەندورستی و مانگانەش بەبڕێک پارە یارمەتی دەدرێن.

زۆرجار هەندێ خێزانی کوردی شارەکانی کوردستان بۆ وەرگرتنی (ڤیزا) بەتایبەتی ئەو خێزانانە لەو شارە دەبینرێن کە کەسێکیان لە دەرەوەی وڵات پەنابەرەو ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی هەیەو ماوەیەک دەمێننەوە.

جارێک لە شەقامێکی سەرەکی عەممان دەڕۆیشتم کوردێکم بەجل و بەرگی کوردی دیت کە بۆ ئەم مەبەستە لە عەممان بوو، ئەو دیمەنەم زۆر لاجوانبوو خەیاڵم بۆ شێخ ئەڵڵای هەولێر ڕۆیشت بۆیە بەخێرایی کامیراکەم لە جانتاکەم دەرهێناو یەکسەر وێنەیەکم گرت، ئەویش بەسەرسامییەوە ئاوڕێکی لێدامەوەو کەوتمە گفتووگۆ لەگەڵی، (مام یاسین) دانیشتووی گەڕەکی (شارەوانی) شاری هەولێرەو گوتی: بۆیە جلوبەرگی کوردیم لەبەرکرد چونکە زۆرجار عەرەبەکان بەدشداشەو چەفیەو عەگال دێنە هەولێر، جلو بەرگی کوردیش دیمەنێکی جوانی هەیە.

لێرە حەزدەکەم باسی دیاردەیەکی نامۆ بکەم کەلە کوردستان تەشەنەی کردووەو لە فەرمانگەکان و کۆمەڵگای عەممان بوونی نییە ئەویش دیاردەی بەخشیشە کەبەداخەوە کوردەکانی لای خۆمان و عێراقییەکان دەیانەوێ ئەو دیاردەیە بگوازنەوە ئەو کۆمەڵگایەو ئەوان بەکارێکی ناڕەوای لەقەڵەم دەدەن و ئەوکارەی کە دەیکەن بە ئەرکی سەرشانیان دەزانن، لەگەڵ ئەوەش هەندێک لەکارمەندانی تەندروستی لەنۆرینگە تایبەتییەکان کە ژمارەیان زۆر کەمە ئەوانەی بەخشیشیان وەرگرتووە خۆزیا بەخشیش و دەرۆزەکردن بنبڕ دەکراو هەرکارمەندێک لەفەرمانگەو بواری کارکردنی خۆی بەدڵسۆزیو یەکسانی کارەکانی ئەنجام دەدا.

ناوی (سەلاحەدین) لەعەممان زۆر پیرۆزە، بۆیە زۆر پێشانگاو کافتریا بەوناوەکراون، لەکافتریای سەلاحەدین کەدوونهۆمە دانیشتم قاوەیەکم خواردەوەو هەندێ خانەنشین کە لەنزیکمەوە دانیشتبوون خۆم پێناساندن کە زۆربەیان کاتی خۆی پلەو پایەی بەرزیان لە دەزگا فەرمی و سەربازیەکانی ئەو شانشینە هەبووەو ئاماژەیان بە ڕۆڵی چەند مامۆستایەکی دێرینی کورد کرد کە لەساڵانی چلەکان لەژێر دەستی ئەوان پەروەردەکران و ڕۆڵی بەرچاویشیان لە پێشکەوتنی بواری پەروەردە لەو وڵاتە هەبووە، نرخی چایە یان قاوەیە یەک لەوکافتریایە بە (٤٢٥) دیناری چاپی خۆمانە و لەکافتریای مۆلەکان بە (٨٥٠) دینارە، کەچی لەکافتریای (ماجدی مۆڵ) لە هەولێر کە دیزاینی هاوشێوەی (مەککە مۆڵ) عەممانە، نرخی یەک قاوە بە (پێنج هەزار) دینارە!!

# گۆتییان



فوئاد خۆشناو

زۆرجاران لەو کوردەوارییەی خۆمان بوختانە و درۆی رەجاری و تانەو تەشەرو بێئەسل و ئەساسی ئەو تۆبی دێتە گۆڕێ فتنەو قارەو هەیهۆزی وای لێدەکەوێتەوە کار لە کاران دەترازێ، کوردەواری دەڵێ... (بەینیکردن و نەکردن داوە مووەکە، کە داوە مووەکە پسا پسا) ئەوە هەر ماشەڵاّی لێبی ئیش دەقەومێ ( هەتا نەقەومایە باشە کە قەوماش بەخێربێ) زۆر جاران لەو کورەدوارییەی خۆمان پیاو خەبەری وای دەدرێتێ لە پشدێنێدا دەپسێ، چاوی عاردی نابینێ بەکول و بابەتان گیر نابێ ئەگەر خەبەرەکەی مەسەلەی ناموس بێ یێک لەو خەبەرانە پێی دەڵێین....!!؟ کوڕە فلاّن خوشکەکەت دەستی لەگەڵ گەنجێک تێکەڵ کردووە ئالەودەمەدا وا لە ماڵێ بەیەکەوەن، بوختانەکە درۆی رەجاری کەموکورتی لێ دەکەوێ.. لەو دەمە دەست دەداتە خەنجەری و دەچێتەوە ماڵەوە، کە لەو دەمەدا خوشکەکەی بەتەنێ لەماڵەوەیە بەنی بەشەر لەو ماڵە نییە.. کوردەواری گۆتەنی...!!؟ (خێن بەرێ چاوی گرتییە) کوڕە لە حیدەتان و حەکسی و حیناوی و مل عندی و مکوڕ دەبێ وەردەگەڕێتە خوشکەکەی بەخەنجەران لەوکاتە لەگەڵ زیرە و قاژە قاژی هات و هاواری ئەو خوشکە بەستەزمانە نەخۆ لەعاردی دەگری نەلەعاسمانێ، لەودەمە جیران و ناسیاو گەلەکۆیی لێدەکەن و دەیگرن... کوڕەنەکەی... بابم نەکەی.. ئەی هاوار... هەی تۆبە... بەکێ دەرێی کار لەکاران دەترازێنێ، خوشکەی بەستەزمان ونجرِ ونجرِ دەکرێ لەخینێی سۆردەکا بەخەنجەران... کوڕە پاش ماوەیەک پاش قەسابییەکەی پەشیمانی دەیگرێ و لەداخان لەئاخان قامکی پەنجەکانی دەتەقێنێ و لێوان دەکرۆژێ لەشەرم و شورەیان خۆی دەخواتەوە... تۆ وەرە لێرە سەرنج دەربە کوردەواری ئەو گەنجە بەهەڵەچووەچۆن ساردی دەکاتەوەو رازی دەکا کە پیاوی هەڵە دەکەوێتە بەر نەشتەری نەسیحەت و راست کردنەوە و نەسیحەتی کەسان لەڕووی کوردەوارییەوە پێی دەڵێن کوڕە سەر بەهەش لەخۆتەوە کو ئەوهات کرد.. کوڕم ئەوەی پێت دەڵێ و لۆت دەژمێری و هەژمار دەکا عەیب و عارت بەگۆڕێ وەردەکا خۆ بەخۆشی عەیب و عاری هەیە، کوردەواری دەڵێ (چ دارنییە با نەیهەژاندبێ) (بیر لێدەر هەر لەبنەوەیە) بوختان کەریش (بەرخی بەلواوەیە) خۆهەر ئەوها نابێ دەڵێن (خۆکار هەر لەبن سەوە شیری نابێ) ئەویش بنیادەمە رێی لەحیبە، ئەویش بەدرۆ و بوختانەی خۆی هەر سەربەهەش دەبی، ئەویش وەک پەلاپیتکەی تڤەنگێ حەیبی سوارە دەڵێ (بووک لەسەر زینێ یارزقەو یانسیبێ) یارەبی بوختانکەر بەبوختانێ خۆ بەدارێ وەکرێ... سەری خۆی بخوا سەری کەس نەخوا بلحات کەری بێئیمان.. سەربەهەش... سەر بە گۆبەندی... حیزە فعلەی درۆزن ملە ستووری کاپێرە ستور.. رەبی لەبن دارەکی بی چتاق پەلکی پێوە نەبی رەبی دۆت هەبی نانت نەبی.. رەبی قیرەت لەمارێ نێ.. رەبی پەل پەل بی.. رەبی بەنانێ خۆ ڕانەگەی.. رەبی زگەکت تێربی زگەکت برسیبی، رەبی چ گات لەجۆتی نەبی... رەبی جووجەلەت لەدوو نەڕوا... رەبی هەر سەرێ سۆبەتان بی... رەبی لەخەمێ خۆ ئارێی... رەبی ئاوت لەلایێ نەخورێتەوە رەبی بەمراکی گۆشتت دەکفنی کەن... رەبی تیلم تیلم بی... کەس بە ئاوێ فەرکێت رانەگا... رەبی مەیتت لەسەر گۆفەکان بکەوی... رەبی دەردەکی بگری هەندەک برێن مایە هەندەک برێن مردیە... رەبی سریکەسراوە لەچاوت بێ، رەبی مزمەحیل بی لەچاوان... رەبی دەرکە دەرکەبگەڕێی... رەبی کەڕبی لەگێیان... کۆربی لەچاوان... سەکەت بی لەلاقان... رەبی نینۆک نەبی خۆ پێبخورێنی.. رەبی بەنینۆکان خرِکەیەوە بەکۆشان سەرف کەی، رەبی نانت بەسندان بی یەکت بەقوزەرقورت بی.. رەبی کۆرەبی ئێجا شەلەری لێدا..

پیاو جاری وا هەروەستەیەک دەکا هیچ هەلی ئەوەی نەهاتووە بەمەقسوود کارەکە بکا... زۆر جاران خێرو بەخشین بەدەست پیاو نەبووە بەشەرمەشرِی خێر و بەخشینیان پێ کردووە، وەکو گۆتەنی (پور بەگم نەدەترِی بەزۆر دەیانترِان) جاری وا پیاو لەو هیمەتە خێرە دانەبووەو بەسەری هاتووە یا شتێکی بەنرخی لێ بزردەبی تازە لێی بزربووە لە دەستانیش چووەو چ دەستەلاّتی ئەوەی نەماوە شتەکەی بگاتەوە دەستی ئێجا پاش تەحەسوب و هەناسە ساردی ناچار دەبێ و دەڵێ (دە یالّلا باخێری گۆڕی بابم بی) بەو پێگرتن و پێک بەستنە کوردەواری دەڵێ: کابرایەک گورزە نانێکی لەخۆبەست و ملی رێی گرت و رۆیی، لۆ ناگاتە رووبارێک ئەویش ناچار دەبی خۆ لەئاوێ دەدا، لەتەنکایی ئاوێ دەگاتە قووڵایی ئاوەکە، نانەکەی لێبە ئاوێ دادەچی هەرچەند تەکان و خیرەت دەدا ناگاتە گورزە نانەکەی وەلحاسر نانەکەی بە ئاوێ دادەچی کابراش تازە گورزە نانەکەی لەدەست چووە لەبەرەخۆ دەڵێ (دەلێی گەڕێ پیاو با خێری گۆڕی بابم بی) قەومانی ژیان جاری وا کاری خۆی دەکا...

# دەولک

## ئا: ئەژین عەبولّلا عەلی

ئاو سەرچاوەی ژیانەو هیچ گیانلەبەرێک بەبێ ئاو ناتوانێ بژی، بۆیە مرۆڤ لەوەتەی لەسەر ئەو گۆی زەوییەدا دەژی گرنگی بە ئاو داوەو هەوڵیداوە بە شێوازی جیاجیا بۆ خۆی بەدەستبهێنی.

سەرچاوەکانی دەسکەوتنی ئاویش هەمەجۆرن وەک دەریاو رووبارو کانی و بیرەکانی ژێرزەوی، کە لە هەر یەکێک لەو شوێنانەدا بەجۆرێک مرۆڤ ئاوی خواردنەوەی بەدەستدەکەوێت.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە بزانین پێشان خەڵک چۆن ئاوی خواردنەوەیان دەسدەکەوت و بە چ شێوازو هۆکارێک ئاویان لە سەرچاوەکانیدا دەردەهێنا. بەتایبەتی ئاوی بیرەکان لەسەر زەوی بە قووڵاییەکی زۆر دووربوون و دەبوایە شتێک یان کەلوپەلێک بدۆزنەوە بۆ دەرهێنانی ئاو لەو قووڵاییەدا، بۆ ئەم مەبەستە (دەولک)یان بەکارهێنا. دەولک لە لاستیق دروستدەکرێت، ئەو لاستیقە لەسەر شێوەی مەنجەڵێکی قوولەکە لە چوار تەنیشت و ژێرەوەی داخراوەو سەری کراوەیە، بۆ ئەوەی کە رەوانەی نابیرێ کرا پڕ بێت لە ئاو و هەر بەوپڕیەشی بیهێننە دەرەوە. هەروەها دوو پەلەداری هەندێک ئەستوور لەسەر شێوەی لاکێشەیی بە جوانی دەتراشن و هەردووکیان وەک ئەم هێمایە (+) لێکدی قایم دەکەن بۆ ئەوەی هاوسەنگی دەولکەکە رابگرێ. کندرێک لە ناوەندی دارەکان دەخرێ، درێژی کندرەکە دەبێ لە قووڵایی بیرەکە زیاتر بێت. بەمجۆرە دەولکەکە شۆڕدەکەنەوە ناو بیرەکە و کندرەکە دەخەنە سەر بەکرەیەک کە لە قاناتی بیرەکە چەسپاوەو ئەو بەکرەیە راکێشانی دەولکەکە ئاسان دەکات.

